# کامێرا بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی واقعی مەجازی

وێنە و فیلمی واقعی مەجازی مێژوویەکی زۆری نییە و ناگاتە دوو ساڵ، واتە ئەو فیلم و یارییانەی کە بینەر وا هەست دەکات بەشێکە لە یارییەکە یان فیلمەکە. ئەوە جیاوازە لە فیلمی سێ دۆری واتە 3D بەڵکو فیلمەکە وەك ئەوە وایە بینەر خۆی لەناو جەرگەی دیمەنەکاندا ببینی، بۆی پێیان دەگوترێ (واقعی – مەجازی) بۆ گرتنی ئەو فیلمانە پێویست بە کامێرای تایبەت دەکات، یەکێك لەو کامێرایانە کامێرای جۆری (twoEyes VR 360)ە، گشت بەکارهێنەرێك دەتوانێ بە ئاسانی سوودی لێببینێ و فیلمی پێ بەرهەم بهێنێ. کامێراکە جیاواز لە کامێراکانی سێ دۆری تایبەت، دوو دەریچەی هەیە و هەر کامێکیش لەوان دوو عەدەسەیان هەیە. مەودای نێوان دوو دەریچەکان ٦٥ سمە، بەقەد مەودای چاوەکانی ئینسان. کامێراکە دەتوانێت فیلم و وێنە گیراوەکان لەرێگای بلوتوس یا وای فای بۆ پرۆگرامێکی تایبەت لە مۆبایلە هۆشمەندەکاندا بنێرێ..



# بە مۆبایلەکەت کۆنترۆڵی جلشۆر بکە



# داڤینچی لە بلیمەتەوە بۆ پرینتەر

پرینتەری سێ رەهەندی واتە 3D ئەگەر گشتگیر بن خزمەتگوزارییەکی گەورە پێشکەش مرۆڤایەتی دەکەن، بەڵام هەتا ئێستاش هەم قەبارەیان گەورەیە و هەم گرانبایین.. کۆمپانیایەکی ناسراوی جیهانی جۆرێك کۆمپیوتەری سێ رەهەندی بەرهەم هێناوە کە بە (da vinci mini) واتە داڤینچی بچووك ناسراوە. پرینتەری ناوبراو ئاسان رادەگوازرێ و کێش و قەبارەی کەمە..

پرینتەری ناوبراو پێویستی بە کۆمپیوتەری تایبەت نییە بەڵکو لەسەر ویندۆز١٠ش دەکرێ ئەرکەکان ئەنجام بدرێن. گەر پرینتەرەکە گشتگیر بێت ئیدی بۆ کەلوپەلەکانیماڵەوە پێویست بە زۆر شوێن ناکات، بۆ نموونە پێویست ناکات یاری منداڵان لە بازاڕ دابین بکەی، بەڵکو لە ماڵەوە دەتوانی بۆیان دروست بکەی.. یان هەندێك کەلوپەلی پێویستی ماڵەوە.. وەك پێداویستیەکانی چێشتخانە و ئیکسسواراتی ماڵەوە..





لە پیشانگای ساڵانەی ces2017 دا سامسۆنگ جۆرێك لە جلشۆری خستەڕوو کە دەکرێت بڵێین پێشکەوتووترین جلشۆری سەردەمە...

جلشۆری FlexWash + FlexDry کە جلشۆرێکی جمکە، دوو سیتسەمی شوردن، دوو سیستەمی وشك کردنەوەی هەیە، کە دەکرێت لە یەك کاتدا لە هەردوو بەشەکە سوود وەربگرێ بە شێوازی جیاوازەوە، جلشۆرەکە تەنیا کاری ئەوە نییە کە جلەکان بشوات و وشك بکاتەوە، بەڵکو دژە باکتریای دەکات و هەرچەشنە بۆنێکی ناخۆش لادەبات و هەروەها هیچ کاتێکیش ناهێڵێت جلەکان گنج بهێنن وەك تازە لە مارکێت کرێبت ئاوایە..

جلشۆری ناوبراو بە ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێ و سمارتە لە رێگای مۆبایلەوە دەتوانی کۆنترۆڵ بکرێ و هەموو ئەرکەکان لەسەر مۆبایلەکە ئەنجام بدەی، تەنانەت مەودای بەکارهێنەر و جلشۆر ئەوپەڕی گۆی زەوی بێت.

## تایبەتمەندی چاویلکەی هۆشمەندی M3000

کۆمپانیای (vuzix) لە پێشانگای ساڵانەی ces 2017 دا بەرهەمێکی نوێی خستەڕوو کە سەرنجی ئەوانەی راکێشا کە هاتبوونە پێشانگاکە، ئەویش چاویلکەی جۆری سمارتی Vuzix m3000 بوو.

چاویلکەکە شاشەیەکی رەنگی و تایبەتی هەیە بەناوی cobra 2 کە ستایلێکی جوانی بە چاویلکەکە بەخشیوە.. چاویلکەکە بۆ پزیشکان، فرۆشیاران، پیشەسازی... گرنگی تایبەتی هەیە. شاشەکە کە تەنیا بۆ چاوێکە، ٦٤ گیگابایت میمۆرییەکەیەتی، توانای تۆمارکردنی ڤیدیۆ و گرتنی وێنەی هەیە، سیستەمی وایەرلەیسی بلوتوس و وای-فای هەیە لەگەڵ مۆبایلە سمارتەکان پێکەوە پەیوەند دەدرێن. راستەوخۆ بە ئینتەرنێتەوە پەیوەند دەدرێ.. دۆزینەوەی جوگرافیایی (GPS)ی هەیە شوێن و جێگای بەکارهێنەرەکەی لەسەر شاشەکە نیشان دەدات، لە بەتەڕبوون و تۆز و خۆڵ تێکناچێت.




# ئامێرێک لە مەترسی شێرپەنجەی سییەکان ئاگادارت دەکاتەوە



شێرپەنجە ئەو نەخۆشیە مەترسیدارەیە کە هەتا ئێستا نەتوانراوە چارەسەری پێویستی بۆ بدۆزرێتەوە، هۆکارەکانیشی وەك پێویست نەزانراون، هەرچەندە پزیشکان باسی چەند هۆکارێك دەکەن بۆ تووش بوون بە شێرپەنجە، بەڵام بە گشتی نەخۆشییەکەیە لە ئێستادا بێ چارەسەرییە..

کۆمپانیایەك ئامێرێکی بەرهەم هێناوە کە کەش و هەوای ژینگە و دەوروبەر دەخاتەژێر چاودێری و دەتوانێت گازی رادۆن (Radon) کە گازێکە لە مەترسیدارترین پێکهاتەی کیماییە و دەبێتە هۆی دروستبوونی شێرپەنجەی سییەکان، بۆیە گەجێتی Airthings Wave لەکاتی بوونی ئەو گازە مەترسیدارە ئاگادارت دەکاتەوە. بەهۆی ئەو ئامێرەوە بە سوو دوەرگرتن لە هەستەوەرێکی بچووك و پرۆگرامێك کە لەسەر مۆبایل دادەبەزێت ئاماری ورد سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی گازی رادۆن بزانی.. ئامێرەکە هەم بە ژمارە و هەم بە هێمای رەنگ بەکارهێنەر ئاگادار دەکاتەوە. جگە لە دەستنیشان کردنی گازی رادۆن، رێژەی شێ و کەش هەوای دەوروبەریش دەپێوێ.






# پاناسۆنیکیش هێلکەی کرد

سەردەم سەردەمی رۆبۆتە، پاناسۆنیکی ژاپۆنیش بۆ ئەوەی لە کاروانەکە جێنەمێنێ رۆبۆتێکی دروستکردووە کە لە شێوەی هێلکە دەچێت. رۆبۆتێك کە پرۆژکتەر واتە داتاشۆیەکی هۆشمەند و بە گوێی تێدایە و بەقسەی بەکارهێنەرەکەی دەکات، هەرکە فەرمان بکەی فلانە فیلمە لێبدە دەستبەجێ فەرمانەکە جێبەجێ دەکات.

نە تەنیا لە بواری فیلمەوە بەڵکو لە رۆبۆتەکە هەر پرسیارێك بکەی وەڵام دەداتەوە. ئەو دەنگەی لە رۆبۆتەکە دێتە دەر دەنگی منداڵێکە و جوڵەی رۆبۆتەکەش وەك جوڵەی منداڵێك دەچێت.

## پرۆگرامێک بۆ دانولۆد کردن لە ئینتەرنێت




پرۆگرام گەلی زۆر هەن کە تایبەتن بە دابەزاندنی فیلم و پرۆگرام و بابەت لە ئینتەرنێت، هەندێك لەوانە بە پارەن و هەندێکی تریان بە خۆڕایی و بێ بەرامبەر.. یەکێك لەو پرۆگرامە بێ بەرامبەرانە کە ناوەکەی خۆشی هەر بەخۆیەوە پرۆگرامی free download mangerە، بە بۆچونی کۆمپانیای بەرهەمهێنی پرۆگرامەکە، خێرایی دابەزاندن لەو پرۆگرامەدا ٦٠٠٪ جار خێراترە..

ئەوەش هەندێك لە تایبەتمەندییەکانی

- جگە لە دانولۆد کردن توانای ئاپلۆد کردنی فایلەکان و هاوبەش کردنیان بۆ کەسانی دیکە..
- توانای دابەزاندنی فیلم و وێنەی فلاش لە سایتەکانی وەك یوتیوب، گوگل ڤیدیۆ و گۆڕانیان بە فۆرماتێکی گونجاو.
- توانای رێکخستنی پرۆگرامەکە بە شێوەی پورتێبڵ بۆ ئەوەی هەمیشە لەسەر فلاش میمۆرییەکەت هەبێ و لە شوێنی دیکە بەکاری بێنی.
- توانای بڵاوکردنەوەی فایلە ڤیدیۆیەکان.
- توانای کات دانان بۆ دابەزندن کە لە کاتێکی دیاریکراودا دەست بەکات بە دانولۆد کردن.
- توانای دابەزاندنی سایتێك بە تەواوەتی..
- توانای گۆڕینی زمانی پرۆگرامەکە بە زیاتر لە ٣٠ زمان..

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت لە نووسینگەکەمدا کۆمپیوتەرێك هەیە کە خۆم کاری لەسەر دەکەم، کەسانی دیکە دێن فلاش میمۆری دێنن و لە کۆمپیوتەرەکەی دەدەن لەو رێگایەوە ڤایرۆس دێتە ناو کۆمپیوتەر، چ بکەم بۆ ئەوەکەی بە فلاشی میمۆری ڤایرۆس بڵاو نەبێتەوە؟**

خوێنەری بەڕێز بۆ ئەم مەبەستە پرۆگرامی USB Disk Security دابەزێنە کە بەخۆڕاییە و بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە تەنیا ئەو فلاشانەی کە پێی دەناسێنی فایلەکانیان دەکرێتەوەو هەر فلاشێکی دیکە یان دەبێ سکانی بکەی یان دەبێ بە safe open بیکەوە، ئەم تایبەتمەندییە وەك ئەنتی ڤایرۆس دەچێ و هیچ ڤایرۆسێك ناهێڵێت بڵاو بێتەوە..

## ئەو قفڵانەی پێویستیان بە کلیل نییە

لە سەرەمی دیجیتالی نوێدا پێویست ناکات بۆ داخستن و کردنەوەی قفڵەکان کلیل لەگەڵ خۆت هەڵبگری، دەکرێ بە مۆبایلەکەت قفڵەکە بکەیەوە، یان بە پەنجە مۆری خۆت..

لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا پەنجەمۆر بۆ سیکۆریتی و ئەمنیەت سوودی زۆری لێوەردەگیرێ، لاپتۆپ و کۆمپیوتەر و مۆبایل بە پەنجەمۆر دەکرێن و دادەخرێن.. ئێستا سیستەمی ئەمنیەتی پەنجەمۆر هاتۆتە ناو جیهانی قفڵ و کلیلەوەش.. قفڵی جۆری benjiLock هەر بەم مەبەستە بەرهەم هاتووە. قفڵی ناوبراو دەتوانێت چوار پەنجەمۆر جیاواز دەناسێ. جگە لەوەش دەتوانرێت قفڵیش بەکاربهێنرێت بۆ ئەوکەسانەی کە پەنجە مۆریان لە میمۆری قفڵەکەدا نییە.

قفڵەکە چەندین ڕەنگی هەیە، سپی، زیوی، ستیلی دژە زەنگ.. قفڵەکە خۆی زۆر پتەو و مەحکەمە و بەجۆرێك دەکرێ بۆ شوێنە گرنگ و هەستیارەکان بەکار بهێنرێت.




## گەسکی کارەبایی یا ڕۆبۆتی پاککەرەوە

ئیدی گەسکی کارەبایی وەك جاران نەماوە هەرکە پێ بکەی دەنگی حەوت گەڕەك بڕوات و زیانی لە سوودی زیاتر بێت! ئێستا گەسکە کارەباییەکان وایان لێهاتووە کە هەموو ماڵیش پاك دەکەنەوە بێ ئەوەی کە دەنگێکیان لێوە بێت.. وەك کابانی باش دەچن بەبێ دەنگە دەنگ و هەرا هەرا هەموو شوێنێك خاوێن دەکەنەوە.. پێویستیش بەوەی ناکات کەسێك بە دەستیەوە بگرێ و ئەرکەکە ئەنجام بدات بەڵکو بۆخۆیان ئۆتۆماتیکی ئەو ئەرکە ئەنجام دەدەن، بۆیە ئێستا زیاتر وەك ڕۆبۆتی پاککەرەوە ناسراون..

کۆمپانیای سامسۆنگ ڕۆبۆتێکی پاککەرەوەی نوێی بەرهەم هێناوە کە بە Powerbot VR7000 ناسراوە. هێزی هەڵمژینێکی زۆر بەهێز، بەجۆرێك هەرگیز بە دوو جار ماڵینەوە ناکات.. ڕۆبۆتە پاککەرەوەکە گشت کەلێن و کەلەبەرێك پاك دەکاتەوە ئەو شوێنانەی کە گەسکی کارەبایی دیکە بە ئاسانی ناتوانێ ئەنجامی بدات. سیستەمی نەخشەهەڵگرتنەوە لەو شوێنەی پاکی کردۆتەوە تێدایە، بەجۆرێك هەرگیز بۆ شوێنێك ناگەڕێتەوە کە پێشووتر خاوێنی کردۆتەوە. لەگەڵ شوێنی پاککردنەوە خۆی دەگونجێنێ، بۆ نموونە ئەو شوێنانەی کە فەرش و ڕایەخن هێزێکی تایبەت بەو بەکار دێنێ و لە شوێنی کاشی و داریش بە جۆرێکی دیکە خۆی ڕێك دەخات. بە ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێ و لە دەرەوەی ماڵیش دەتوانی فەرمانی پێبکەی کە ماڵەکە خاوێن بکاتەوە، لەماڵەوەش دەتوانی تەنیا بە دەنگ فەرمانی پێبکەی..




## سایتێک بۆ زانینی گشت زمان و زاراوەکانی جیهان




لەم جیهانە بەربەرینەدا هەزاران زمان و زاراوەی جیا جیا هەن، لە وڵاتی وا دا هەیە، سەد زاراوەی جیا هەیە... گەر بتەوێ بە زاراوە و زمانەکانی جیهان بەو جۆرەی کە خاوەنی زمانەکە دەریدەبڕێ و گۆی دەکا، سەر لە سایتی https://localingual.com/ بدە. سایتێك هەرکە دەیکەیەوە نەخشەی جیهانت دێتە بەرچاو... بە ماوس دەتوانی بچیە هەر شوێنێك کە مەبەستە، هەتا بە بزانی ئەو ناوچەیە بە چ زمانێك قسە دەکەن.. تۆش دەتوانی بۆ دەوڵەمەندکردنی سایتەکە و ناوچەکەیC خۆت بکەیەوەو وشە و زاراوەی ناوچەکەت لە سایتەکە دابنێی...